

**مارەیی لە دهۆك کیلۆ ئاڵتونی تێپەڕاندووە و شیربابییش لە دەفتەرێك دۆلار زیاترە**

# لە دهۆك شیربایی و مارەیی سەری ئینسان دەخوات

**راپۆرتی خدر دۆملی - دهۆك**

● ـ لینا ئسماعیل 29 ساڵ ـ ماوەی سێ ساڵە چاوەڕێی سوارچاکی خەونەکانی دەکات بۆ ئەوەی مارەی بکات و بەیەکجاری بچنە نێو ژیانی هاوسەرییەوە، بەڵام ئەم خەونەی لینا هەتا ئێستا بە مەحاڵی ماوەتەوە لەبەرئەوەی باوکی لینا داوای یەك دەفتەر دۆلار پێشەکی و نیودەفتەر دۆلار پاشەکی دەکات وەکو شیربایی.لینا وەکو زۆرێکی دیکە لە هاوڕێ کچەکانی گیرۆدەی ئەم دیاردەیەیە و بەو هۆیەشەوە بەیەکگەیشتنی ئەو و هاوڕێکەی پەکی کەوتووە.

بەڵام کێشەی سەعید خەڵەف کە سێ ساڵ پێش ئێستا زانکۆی تەواوکردوە و ئێستا لە دوکانێکدا ئیشدەکات، زۆر لە کێشەی لینا گەورەترە، سەعید دەڵێت " لەساڵی 2002 ەوە کاردەکەم بۆ ئەوەی بڕێك پارە پەیدا بکەم و بتوانم ژیانی هاوسەری پێکەوە بنێم بەڵام هەرچەندە سەیری خۆم دەکەم دەبینم ناتوانم ئەو بڕە پارەیەی پێویستە بۆ مارەیی پەیدا بکەم هەربۆیە هەتا ئێستا لە سێ جاری داخوازیکردندا سەرکەوتوو نەبووم بەهۆی زۆری ڕێژەی ئەو مارەییەی کە باوکی کچەکان داوای دەکەن، یەکەمیان داوای 150 هەزار دۆلار شیربایی کرد، بەڵام دووەمیان داوای شەش هەزار دۆلار شیربایی و بەهێندەی ئەوەش داوای ئاڵتونی کرد و سێهەمیشیان داوای حەوت هەزار دۆلار وماڵی سەربەخۆی کرد " سەعید ووتی " بیرم لەوە کردۆتەوە هەتا ماوم بەتەنیا بژیم "

بەرزبونەوەی ڕێژەی مارەیی لە دهۆکدا بەڕادەیەکە کەسێکی وەکو یاسین عەلی بە " بازرگانیکردن " وەسفی کرد.

ـ لەیلا سادق 35 ساڵی فەرمانبەر ــ ئاماژەی بەوەکرد بەرزبوونەوەی مارەیی بۆتە هۆی کۆچکردنی سەدان لاو ، بەهۆی ئەوەی ناتوانن هاوسەرگیریی بکەن.

لەیلا ووتی " ئەوە کێشەیەکی گەورەیە و پێویستە هەموولایەك پێکەوە بیر لە چارەسەرکردنی بکەینەوە"



خالید سالْحی 41 سـالْیش کە هەتا ئێستا ژنی نـەهێناوە ووتی "بـیرم لـە کۆچکردن کردۆتـەوە چـونکە ئـەوەی هەتا ئێستا من کۆمکردۆتەوە بۆ هاوسـەری پێـنج ملیـۆن دینـاری چاپی نوێیـە ، ئـیتر نازانم ئـەو بـڕە پارەیـە ژنـی پێدێت یان نا ؟ "

داواکردنی مـارەیی زۆر لـە دهۆکـدا بۆتـە مۆدێلێـك و ئـەوەش هۆکـاری مانـەوەی چەندین کچە بە قەیرەیی.

شـیلان رەئـوف کەلـەگـەڵ چـوار خوشـکی دیکەیـدا رۆژەکـــانی ســـاڵ لـــە چـــاوەڕوانی داواکارێکـــدا بەســـەردەبەن، دەڵێـــت " بـاوکم داوای مارەییـەکی زۆردەکـات لـەو کەسـانەی دێنـە پێشـەوە لێمـان و هـەر لەبەرئەمەش بە خێرایی دووردەکەونەوە"

شیلان بە ئەرکی رێکخراوەکـانی کۆمەڵگـەی مەدەنی و لایەنە پەیوەندیـدارەکانی حکومـەتی دەزانێت کە وشیاری کۆمەڵایەتی بڵاوبکەنـەوە لە کۆمەڵگادا بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە.

شیربایی تەنها دیوێکی روداوەکەیـە، دیوەکـەی تریـان داواکردنـی ئـاڵتون و خشـڵە کـە بارگرانیەکەی لەوەی یەکەم کەمتر نییە.

ئەگەرچـی جـاران هـەڵگرتنی ئـاڵتون وەکـو شتێکی رەمزی سەیریدەکرا و لـە ئەڵەقەیەکـدا خۆی دەبینیەوە، بەڵام ئێستا داواکـاری کچـان بۆتە پشتێنی 24 لیرەیی کە نرخەکەی لانیکـەم پێنج ملیۆن دینارە.

عەلی بەرواری کەلە بازاڕی دهۆکدا دوکـانی زێرنگەری هەیە، دەڵێت " کـەمترین تێچـوونی کرینی ئاڵتوون لە ئێستادا پێنج ملیۆن دینارە "

ـ ئـەیوب رەشـید تەمـەن 31 سـاڵ ـ ووتـی " کەمتەرخەمیەکی زۆر هەیە لەلایەن مامۆستایانی ئاینیـــەوە، چـــونکە بـــەهۆی دواکـــەوتوویی کۆمەڵایەتیـەوە دابونـەریت و لاسـاییکردنەوە زاڵـە و مامۆسـتایانی ئـاینیش کـەمتر قسـەیان لەسەر ئەو دیاردەیە کردووە"

ـ سەبیل محەمـەد خالیـد 31 سـاڵ ـ دەڵێـت " دوای ئـەوەی بـاوکم قەناعـەتی کـرد داوای مارەیەکی زۆر نەکات لە دەزگیرانەکەم، داوام کرد کە پارچەیەك زەوی بەناومەوە بکات "

ئەو شیربابییە زۆرەی کە باوکان داوای دەکەن زۆرێـك لـە کچـانی تـوڕە و بێزارکـردوە، بەوپێیەی لە داخوازیکەرەکانـدا دەوڵەمەنـدی لەبەرچاو دەگیرێت نەك تەمەن و رۆشـنبیری و قۆزی و شتی تر..

نەسـرین عەبدولعـەزیز ووتـی " ئـەو شـیرباییە زۆرەی باوکان داوای دەکەن مانای ئەوەیە کە دەمانفرۆشن "

سەلمان حاجی 56 ساڵ ئامـاژەی بـەوەکرد کـە هەموو باوکێك بـەو شـێوەیە بیرناکاتـەوە، بـە وتەی ئەو پێویستە باوکان بەر لەهەموو شـتێك بیر لە ئایندەی کچەکانیان بکەنەوە.

ــ سلێمان شێخانی ئەندازیار ــ یەکێکـە لـەو گەنجانـــەی بـــەم دیاردەیـــە زۆر نارازییـــە و هەرلـەبەرئەوەش بڕیارییداوە کە هیچ ئافرەتێـك مارەنەکات ئەگەر داوای مـارەیی زۆر بکـات.

بـەڵام پێدەچـێت سـلێمانیش لەبـەردەم ئـەم بڕیارەیدا خۆی نەگرێت چـونکە وەکـو خـۆی دەڵێت " وا دیارە لە کۆتاییـدا بـەبێ هاوسـەر دەمێنمەوە"

حاکم موحەممەد ئەمین سـەرخانی لـە دادگـای دهۆك لـەمبارەوە دەڵێـت " ئـەم دیاردەیـە لـە ئێســـتادا زۆر پەرەیســـەندووە، باشـــترین چارەسەریش دەرکردنی یاسـایەکە بـە ئامـانجی دانانی باج لـەسـەر مـارەیی وەکـو بـەرگرتنێك لـــەو دیاردەیـە" حـاکم موحەممـەد ئـەوەی نەشـاردەوە کەلـــەم دیاردەیـــەدا کۆمەڵگـــە رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت چونکەبەبڕوای ئەو " بـەردەوام بـوونی ئـەم دیاردەیـە ئەبێتـە هـۆی زۆربوونی کچی قەیرە و کوڕی رەبەن "

حاکم موحەممـەد ئامـاژەی بـەوەکرد کـە لـەم ماوەیەدا ژن و مێردێك هاتونەتە دادگـا و بـڕی مارەیی قەرزیان دووکیلۆ ئاڵتون بووە.

حەمیـد خورشـید کـە هێشـتا ژنـی نـەهێناوە ئاماژەی بەوەکرد کە ئامادەنییە ژن بهێنێت بـەو مارەییە زۆرە " چونکە ئەوە مانای ئەوەیـە کـە کچێکم کڕیوە، وەکو کڕینی هەموو شـتەکانی تر "